# دەنگی ئازادی مەخنکێنن ! بائازادی پەلامارتان نەدات !

**عارف کەریم** ــ ستۆکهۆڵم



ماوەی چەند ڕۆژێکە پڕۆژەیاسای سەندیکای ڕۆژنامەنووسان بۆبەردەمی پەرلەمانی کوردستان کەچەند برگەو مادەیەکی لێپەسەند کراوە و ڕەوانەی سەرۆکایەتی هەرێم کراوە بۆ پەسەندکردن ، سەرنجی جەماوەری ڕوناکبیری گەلەکەمانی بۆلای خۆی ڕاکێشاوە و لەناوەندی ڕۆژنامەگەری کوردیدا هەراوزەنایەکی زۆری ناوەتەوە و تێکڕای ڕۆژنامەنووسان و قەڵەم بەدەستەکان کۆکن لەسەر ناڕازیبوون و ڕەتکردنەوەی پڕۆژەیاسای ناوبراو و داوادەکەن کە سەرلەنوێ ئەندامانی پەرلەمان بەخۆیاندا بچنەوە و ڕێگایەکی عەقلانی و مەنتیقی بگرنەبەر بۆ بەلاداخستنی کێشەکان ، بەوشێوەیەی لەخزمەتی بیری ئازادو خواستەکانی خەڵکی ڕۆشنبیر دەبێت .

پێشەکی من دەمەوێ ئاماژە بە مادەیەکی دەستووری هەمیشەیی عێراق بکەم کە هەندێک لە مافەکانی گەلەکەمانی دابینکردووە و دەنگی لەسەر دراوە ، لەناوئەوانەش لە مادە 36 ی دەستووردا هاتووە :

دەوڵەت دەستەبەرو کەفیلە بەرامبەر بە :

یەکەم/ ئازادی بیروڕادەربڕین بە هەموو شێوەیەک .

دووەم/ سەربەستی ڕۆژنامەگەری و چاپکردن و بڵاوکردنەوە و ئاگادارکردن و ڕاگەیاندن .

سێیەم/ ئازادیی کۆبوونەوە و خۆپیشاندان و ڕێپێوانی ئاشتیخوازانە بەپێی یاسا .

تەنها مەرجێک کە مادەی ناوبراو داوایدەکات پەیڕەوبکرێت بۆ ئەم خاڵانەی سەرەوە ئەوەیە کە دەرچوون نەبێت لە نیزام و ئادابی گشتیی .

ئەوەی پەرلەمانی کوردستان پەسەندی کردووە ، پێچەوانەی دەستوورەو گێڕانەوەی کۆمەڵە بۆ سەدە تاریکەکان ، بۆ ناو مزگەوت و خانەقا و تەکیەکان ، هەوڵدانێکە بۆئەوەی جەماوەر لە سنوورێکدا بوەستێنن و ڕایانبکێشن بۆ بیرکردنەوەی کۆنەپەرستانە و باوەڕهێنان بە دوعا و نوشتەو سیحرو خوڕافات ، دەنگدانە بۆ پڕۆژەیەک کەدەیەوێ گۆڕان و گەشەکردنەکانی ناو کۆمەڵ پەکبخات و میللەت ببەستێتەوە بە داب و نەریتە خێلەکییە کۆنەکانەوە .

پێم سەیرە پەرلەمانێکی فیفتی بە فیفتی کە نوێنەرانی دوو حزبی پارتی و یەکێتی لەخۆکۆکردۆتەوە لە پڕۆژەیاسایەکدا باسی مەسەلەی ئاسایشی نەتەوەیی و مەسەلە پیرۆزەکان دەکات و دەیەوێ ڕۆژنامەنووسان پابەندی بن و خۆیانی پێوە ببەستنەوە !

بەنیسبەتی یەکەمیانەوە ئێمە کۆمەڵێ مەسەلەی چارەنووسسازمان هەیە کە هەتا ئێستا نەکەوتوون بەلایەکداو پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ئاسایشی نەتەوەیی ئێمەوە هەیە وەکوو

کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکان لە هەرێمی کوردستان ، سنووری فیدرالی کوردستان ، زوبانی کوردی وەکوو زوبانێکی رەسمی ،کێشەی نەوت و دابەشکردنی سامانی وڵات و گەلێکیتر .
باپەرلەمانی کوردستان ئەوانە بخەن بەلایەکدا ، ئەوسا باسی ئاسایشی نەتەوەیی بکەن و هەڵکوتنە سەر ڕۆژنامەنووسان و فرمێسک هەڵڕێژن بۆ سەرکردە حزبی و حکومییەکان ، تا نەڕوشێنرێن و ڕەخنەی توندیان لێنەگیرێت !.
ئەوەی دووەمیان برێتییە لەوەی کەس دەم نەدات لە ئایین و مەسەلە ئایینییەکان ، ئیتر لە ڕەخنەوە بیگرە تادەگاتە سەر لێکۆڵینەوە و توێژینەوە و دیراسات و هەڵسەنگاندن و نووسینی بابەتی بەکەڵک کە لەگەڵ رەوتی پێشکەوتن و سەردەمدا دەگونجێن . پەرلەمانی کوردستان دەیەوێ خەڵک خەریکی فاڵ و کتێبگرتنەوە بن و ئەگەر سەرکردەیەک خوانەخواستە ! سەری ئێشا ، ئەوا هەموو ڕووبکەنە مزگەوت و خانەقاکان و خەریکی خێر و قوربانیی بن !!!!! .
لەڕاستیدا پرۆژەیاساکەی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان بۆ بەردەم پەرلەمانی کوردستان ، دژی خواستی گەلەکەمانە کە خەبات دەکات لە پێناوی سەرهەڵدانی کۆمەڵگایەکی مەدەنی ، لەوێدا دیموکراتی لەسەر قاچی خۆی دەوەستێت و یاساش سەروەر دەبێت و کەسیش ناتوانی ڕۆژنامەنووس و خەڵکی ئازاد و سەربەست کۆت و زنجیر بکات و ڕاپێچیان بکات بۆ بەندیخانە .
حزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکان ، پەرلەمانی کوردستان ، حکومەتی کوردستان ، هەرهەموویان بۆیان هەیە داوا لە نووسەران و ئەدیب و ڕۆژنامەنووسان بکەن کە خەتی سوور نەبەزێنن ، پەنا نەبەنە بەر هێرشی ناڕەوا و بریندارکردن و نەچنە ناو موهاتەراتی سیاسییەوە ، ڕاستییەکان نەشێوێنن و بە ئەمانەتەوە هەواڵەکان و شتەکان بگەیێننە شوێنی خۆی ، ڕۆڵی ڕاست و کاریگەر بگێڕن لە ئاراستەکردنی جەماوەردا ، لەبڵاوکردنەوەی بابەت و بەرهەمەکانیاندا بە ویژدان و توند ڕەو نەبن.......
لەمانە بەولاوە پەرلەمانی کوردستان توشی هەڵەیەکی گەورەو مێژوویی دەبێت ئەگەر سانسور بخاتە سەر ڕۆژنامەنووسان ، چونکە دوای ئەوە ئیتر ئەوان ناتوانن داوای ئازادی بۆ گەلی کورد بکەن ، لەکاتێکدا خۆیان ئازادی گەل زەوت دەکەن و پەلاماری وشەی ئازاد و سەربەست دەدەن . جگە لەپەرلەمان هەر حزبێک چاڵ بۆ ئازادیی هەڵبکەنێ ، ئەوا مەحاڵە خۆی ئازاد بمێنێتەوەو ڕاستەوخۆ ملدەنی بەرەو دیکتاتۆریەت .
کاتی ئەوە هاتووە حکومەت و پەرلەمان خۆیان لە کردارو رەفتارو یاساکانی حزبی بەعسی ڕوخاو و هەڵوەشاوە جیابکەنەوە و لاسایی ئەوان نەکەنەوە .
ئەگەر پەرلەمان خۆی بە نوێنەری گەل دەزانێت ، ئەوا گەل ڕازی نییە بەو پرۆژە یاسایە .

عارف کەریم _ ستۆکهۆڵم